# کوردەکانی شاریEnschede هۆڵەندا
# بەشداری هەڵبژاردن ناکەن!

ڕۆژی چوارشەممە7-12-2005لیژنەیەك لەکۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنی 15کانوونی یەکەم لەعێراق، بەمەبەستی پڕوپاگەندە وهاندان وپەلکێشکردنی جالیەی کوردی وعێراقی دانیشتووی شاری ئەنشخەدەیEnschedeهۆڵەندا بۆ بەشداریکردنیان لەگاڵتەجاڕی هەڵبژاردندا، کاتژمێر 7پاشنیوەڕۆ کۆبوونەوەیەکیان سازکرد وژمارەیەکی بەرچاو لەکوردانی دانیشتووی ئەو شارە بەشداریان کرد. دانا بەهادین کادری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش یەکێك بوو لەبەشداربووان.

کۆمیسۆنەکە کەلەسێ کەس پێکهاتبوو، عەرەبێك وکوردێك وئاشورییەك، بەزمانی کوردی وعەرەبی قسەوباسی خۆیان دەسپێکرد بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی شێوازی بەشداریکردن وچۆنێتی دەنگدان. هەروەها هاندان وپڕوپاگەندە بۆ ڕاکێشانی خەڵکی ئەو شارە بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا. پاشان دەرگای پرسیار و مداخەلە بۆ بەشداربووان کرایەوە. هاوڕێ دانا بەقسەوباسێك بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانی ئەم گاڵتەجاڕە بەشداری کرد. ئەو لەقسەکانیدا ڕوونی کردەوە کەئەمەی ئێوە باسی دەکەن هەڵبژاردن نییە، بەڵکو گاڵتەجاڕێکە بۆ هێنانەسەرکاری دەوڵەتێکی فاشیستی قەومی - ئیسلامی لەعێراقدا لەژێرسایەی داگیرکاری ئەمریکادا. لەکاتێکدا کەهیچ گۆشە وکەنارێکی ئەم وڵاتە زەڕەیەك ئارامی وئاسایشی تیادا تێدانییە، باسکردن لەهەڵبژاردن پووچ وبێمانایە. سەبارەت بەکوردستانیش ئەم هەڵبژاردنە هەوڵێکی فریودەرانەی پارتی ویەکێتییە بۆ لەباربردنی خواستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان ودووبارە لکاندنەوەی کوردستان بەعێراقی عوروبی-ئیسلامییەوە. خەڵکی کوردستان خوازیاری جیابوونەوەن لەعێراق ودەیانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت. ئەم قسەوباسەی هاوڕێ دانا بەچەپڵەڕێزانی کۆبوونەوەکە پێشوازی لێکراو سەرجەم دەووترایەوە کەئەو قسانە قسەی ئێمەشە. لەبەشێکی تری قسەکانیدا ڕوویکردە کۆمیسیۆنەکە وپێیووتن، ئەمریکا وئەم لایەنانەی ئەم سیناریۆیەیان سازکردووە تائێستا جگەلەشەڕ وکوشتار وتەقینەوەی هەمەڕۆژە، وەبەهێزکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی چی شتێکیان بۆ خەڵکی عێراق

هێناوه؟ ئەم هێزانە خۆیان شەریکی ئەمریکان وعێراقیان بەدەردێك بردووە کەئاوی خواردنەوە وکارەبا وسووتەمەنیی بۆ دانیشتووانەکەی دەسناکەوێت. بێکاری وگرانی وهەژاری بێداد دەکات. ناسیونالیزمی کوردیش دەیەوێت کوردستان بلکێنێتەوە بەم عیراقەوە کەهەرچواردەوری ئاگربارانە. بۆیە هەرچی زووە دەبێ بەهێزی خەڵکی عێراق هێزەکانی ئەمریکا بکرێنەدەرەوە، وئەم لایەنە ئیسلامی وقەومییانەش لەکاربخرێن. کوردستانیش لەڕیفراندۆمێکدا بڕیار لەسەر جیابوونەوەی بدرێ لەعێراق. بەچەپڵەڕێزان بۆ پشتیوانی لەقسەوباسی هاوڕێ دانا کۆبوونەوەکە کۆتایی هات. هەروەها هاوڕێ دانا ژمارەیەکی زۆر لەبانگەوازی ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حیزبی لەناو کۆبوونەوەکەدا بڵاوکردەوە.شایەنی ووتنە ژمارەیەکی زۆر لەبەشداربووان هەرلەوێدا ڕایانگەیاند کەبەشداری هەڵبژاردن ناکەن.

کۆمیتەی هۆڵەندا–حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
2005–12–7